
جەبار سابیر




# ٧٠هەزار ژن بەهۆی نانسی و هاوشێوەکانیەوە تەڵاق دەدرێن!


## دەڵێن نانسی عەجرەم دێتە کوردستان

هەواڵەکان : لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەریخوستووە کە لەساڵی ٢٠٠٦ زیاتر لەحەفتا هەزار ژن لەمیسر، لەبەر( نانسی عەجرەم و هەیفا وەهبی و ئەلیسا و رۆبی) و کچەکانی دیکەی بەشداربوو لەڤیدیۆ کلیپەکاندا تەڵاقدراون .

دکتۆر عزەت کەریم سەرۆکی مەڵبەندی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی میسر ئاماژەی بەئاکامی ئەو لیکۆڵینەوەیە کردووە کەسەبارەت بە جیابوونەوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ لەسعودیەو ئوردەن و میسر و کوێت و ئیمارات و مەغریب و وڵاتانی دیکەی عەرەبی زماندا روویانداوە، ناوبراو بەدڵنیاییەوە دەڵێ: کەزۆربەی پیاوان لەبەر شێوەی دەرکەوتنی ئەو گۆرانیبێژو کچە ڤیدیۆ کلیپیانە وازیان لەژنەکانی خۆیان هێناوەو پێیانوایە کە ژنەکانیان شایانی ژیانی هاوسەرێتی نین و بەهاوتای ژیانی خۆیان رەوایان نابینن ! ژنەکانیش دووپاتیان لەسەر ئەو راستیە کردۆتەوەو رازی







خۆیان درکاندووەو ئاشکرایان کردووە کەمۆدیلی ئەو گۆرانیبێژانە ژیانی ئەوانیان تێکداوەو بوونەتە هۆکاری جیابوونەوەو رووخاندنی کەپری هاوسەرێتی ئەوان .

لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە کەئەو گۆرانیبێژ و کچانەی کەلەڤیدیۆ کلیپەکاندا دەردەکەون، جەستەی خۆیان وەکو کاڵایکی سێکسی پێشان دەدەن، سەرنجی پیاوان بەلای خۆیان رادەکێشن و دڵی پیاوان کرمی دەکەن، چاویان تاریک دادێ و ژنەکانی خۆیان لەبەر چاو دەکەوێ .

لێکۆڵینەوەکە دەڵێ: ئەو گۆرانیبێژ و کچانەی کەبەشداری لەڤیدیۆ کلیپەکان و ریکلامەکاندا دەکەن، بەجەستەی رتوشکراوو نیوە رووتەوە بەردەوام لەتەلەفزیۆن و کەناڵەکانی سەتەلایتدا دەردەکەون، هەڕەشەی راستین لەسەر ژیانی خێزان و پێوەندی ژن و مێردایەتی دروست دەکەن.

دەڵێن نانسی عەجرەم دێتە کوردستان و ئاهەنگ ساز دەکات ، خوا بکات لێرەش لەسەر ئەو هیچ ژنێک تەڵاق نەدرێ

# سزای پاککردنەوەی ئاودەستخانەی بەسەردا دەسەپێندرێ



پاش ئەوەی ( نائومی کامبێڵ) مۆدیلێستی جلوبەرگ دانی بەوەدانا کەپەلاماری بەرپرسی بەڕێوەبەری کاروباری ماڵەکەی خۆی داوە، سزای پێنج رۆژ پاککردنەوەی ئاودەستخانەی بەسەردا سەپێندرا.

لەیەکەمین رۆژی بەرێوەچوونی سزاکەیدا دەیان رۆژنامەنووس و پەیامنێری دەزگەکانی راگەیاندن خۆیان گەیاندبووە ئەوێ، دابزانن نائومی کامبێڵ بڕیارکە جێبەجێ دەکات، یان نا؟ کەچی ناوبراو زۆر بەئاسایی سزاکەی وەرگرت، پێڵاوەکانی خۆی لەپێکردەوە، کاتژمێر هەشتی بەیانی ئەو رۆژە دەستی بەپاککردنەوەی ئاودەستخانە( تەوالیت) کرد.

دوای ئەوەی نائومی کامبێڵ لەبەردەم دادگەدا دانی بەوەدانا کەپەلاماری بەرپرسی کاروباری ماڵەکەی داوەو تەلەفۆنی بۆ راوەشاندووە، دادگەیکی بەریتانیا سزای پێنج رۆژ پاککردنەوەی تەوالیتی بەسەر ئەو ناودارەی جیهانی مۆدیلیستی جلوبەرگدا سەپاند. ئەمەش بەهۆی ئەو بێرێزیە هات کەناوبراو بەرانبەر بەبەرپرسی کاروباری ماڵەکەی خۆی ئەنجامی دابوو.

# دوو نموونەی هاوسەرکوژی ترسناک

دادگەیەکی وڵاتی بەرازیل سزای ١٩ ساڵ زیندانی بۆ ژنێک بڕیەوە کەمێردەکەی خۆی کوشتبوو، پارچەپارچەی کردبوو، پارچەکانیشی لەنێو رۆندا سوورکردبۆوە.

رۆزانیتا نەیری تەمەن ٥٢ ساڵ بەهۆی ئەوەی دوو ساڵ لەمەوبەر شووەکەی خۆی بێهۆش کردبوو، پاشان کوشتبووی و ١٠٠ تیکەی کردبوو، لەنێو رۆندا کردبووی بەقلیانی، دواتریش دەنێو چەندین کیسەی پلاستیکی کردبوو، کیسەکانیشی فرێی دابوون، بەهۆی ئەو تاوانەوە سزای ١٩ ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا.

هەواڵەکانی هەرێمی تکساسی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێن دوای ئەوەی کچێکی تەمەن ١٩ ساڵ، فێرخوازی زانکۆ بزر دەبێ و پۆلیس ناتوانێ شوێنەوارێکی لێبدۆزێتەوە، ئەوسا خزم و کەسەکانی زیاتر لەهەزار دۆلاری کۆدەکەنەوە، نێو زێراب و تەواوی شوێنەکان دەپشکنن، سەرەنجام دوای ماندووبوونێکی زۆر ئەوسا پیاوێکی تەمەن ٢٧ ساڵ بەناوی شیبەرد، دان بەوەدەنێ کەخۆشەویستە سالیەکەی خۆی کوشتووە، پارچەپارچەی کردووەو لەسەر ئاگر بەشێوەیەکی ئەوتۆ برژاندوویەتی کەشوێنەوارێکی لێنەماوەتەوە. ئەو رووداوە سەرتاپای دانیشتووانی تەزاندووە، ئێستا تۆمەتبار لەگرتووخانە راگیراوەو چاوەڕوانی بڕیاری دادگە دەکات.

# درێژترین پیاوی جیهان ژن دەخوازێ



رۆژنامەی پەکین نیوز رۆژی ٢٨-٣-٢٠٠٧ بڵاوی کردەوە کە درێژترین پیاوی جیهان لەنێوان سەدان ژندا کچێکی بۆ هاوسەری خۆی هەڵبژاردووە.

دوای ئەوەی تۆف باو شیشون، تەمەن ٥٦ ساڵ لەچەندین رێگەوە هەواڵی ئەوەی بڵاو کردەوە کەدەیەوێ ژن بخوازێ، سەدان کچ و ژن لەسەرانسەری جیهان پەیوەندیان پێوەکرد، ناوبراو شیا شوجوانی تەمەن ٢٩ ساڵی بۆ ژیانی هاوسەری خۆی پەسند کرد.

تۆف باو درێژیەکەی ٢٣٦ سانتیمەترە، شونکارەیی دەکات، کەچی شیا شوجوان ١٦٨ سانتیمەترە، فۆشیارەو دوکانی تایبەتی خۆی هەیە. هەردووکیان بۆ یەکەمین جارە کەژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن.

تۆف باو شیشون ئێستا بەسانتیمەتر باڵاوە بەدرێژترین پیاوی زیندووی جیهان پێوانە دەکرێ ، بەو هۆیەشەوە ناوی لەکتێبی گینیس تۆمار کراوە.

ئەو دوو هاوسەرە هەردووکیان خەڵکی دەڤەری مەنگۆنلستانی وڵاتی چینن، لەوانەیە ئەمەش هۆکارێک بێ کەتۆف ئەوی لەنێوان سەدان کچدا هەڵبژاردبێ.

# راپۆرتی سەرۆک

دواجار سەرۆک لوتفی فەرموو بانگی کردە راپۆرت نووسەکانی، ئادەی کورینە بزانم دوا راپۆرتی ئێوەلەسەر بارودۆخی ئێستای خەڵک چییە؟ گورج هەشت نۆ راپۆرت نووسی زۆر چالاک و قەڵەم بەبرشت گەیشتنە بەردەم جەنابی سەرۆک و دەست لەسەر سنگ وەستان و دەستیان پێکرد. سەرۆک بەرچاوی تاریکبوو وتی: یەک یەک !! ئێتر یەکەمیان دوا راپۆرتی خۆی لەسەر بارودۆخی خەڵک لەگەڵ کارەبادا خوێندەوە، گەورەم کارەبای کوردستان بەدرێژایی مێژووی دوورو نزیکی کورد، لەسەردەمی مەشخەڵ و فتیلەو فانۆس و چراو عەلەتریکەوە تا کارەبای میگاواتی ئێستا، هەرگیز وڵات ئەوەندە چراخان و کارەبا هێندە زۆر نەبووە. سەرۆک دەمی داپچڕی و وتی: ئاوها!! ئەی باشە بۆچی هەندێک نووسەرو پووسەر دەڵێن: خەڵک بۆ چۆڕێ کارەبا کوێرایی داهاتووە.! راپۆرت نووس وتی: قوربان سەریان دای لەبەرد، ئەوانە تابووری حەفتەمن، کوردنین بێگومانم لەوە، باوو باپیریشیان کارەبای نەدیوە، درۆ دەکەن ئەوەخۆیان حەزیان لە مۆلیدەیەو بۆتەچاولێکەری، دەبێ هەموو ماڵێک مۆلیدەی هەبێ، دەنا کارەبا بۆ یەک چرکەیش چییە نابڕێ.

دواتر بەرپرسی پارەو پول دوا راپۆرتری تێچریکان، گەورەم ئەم وڵاتە بەحری پارەیە، خەڵک لەبری کلێنس بەپارەلوتیان دەسڕن و هەموو کونەلوتیان سووربۆتەوە، قوربان هەرچی تاکێکی ئەم وڵاتەیە داهاتی رۆژانەی سەد دۆلارە، بۆ ئەوانەی کارناکەن تەنیا لەماڵەوەدانیشتوون، خۆگەر کارو کاسبی بکەن ئەوا رۆژانە لانیکەم پێنج سەد دۆلار دەکەون. قوربان ئەوەتا خەڵکی ئەم وڵاتە کەسی تاقەتی کاری نییەو لە فلیپین و وڵاتانی تری ئاسیای ئەو سەرەوە ئەو حەمکە کچەرەشەمان هێناوەو دەیان کەینە خزمەتکاری خەڵکی، خۆمان. ئەی چۆن قوربان ئێمە ئەو هەرگیز کچی خۆمان ناکەینە قوربانی کوڕی خەڵکی، بەڵکو دەبێ خەڵکی کچی خۆی بکاتە قوربانی کوڕی ئێمە. ئەوەشت بیر نەچێ قوربان سێ مانگ پێش ئەوەی لەبەغداد مووچەی کارمەندان زیادکەن ئێمە لێرە دووقاتی ئەوەمان بۆ زیادکردوون، بەڵام قوربان ئەوە سوچی حکومەتی مەرکەزییەکەناهێڵێ ئەو زیادەیە ببەستین.

دوای ئەوەی هەموان راپۆرتی خۆیان خوێندەوە، بەرپرسی یەکەمی نیشتەجێبوون و باڵەخانە کەوتە خوێندن. خاوەن شکۆ بۆ دەرمانیش بگەرێ یەک کرێچیت لەم وڵاتە بەهەشت ئاسایەدا چنگ ناکەوێ، ئەو سەردەمەرۆی گەورەم، هەموو کەس لەخانووی خۆیدایەو لەسەر وادەکەی ساڵی پاری خۆت ئێمە بۆ هەر کرێچییەک باشترین خانیمان دروستکردییە، کلیلەکەیمان دایتێ و ئێستا لۆخۆی تێیدا دەخواو دەکاو دەخەوێ. بەڵام قوربان ئەم خەرکە خۆی قەناعەتی نەمایە هەتا بیدەیتێ داوای زیاتری دەکاتن. سەرۆک تۆزێ تاس بردییەوە وتی: حەکوو ئەم رۆشنبیرو بەناو نووسەرانەی ئێمەبێ ویژدان و درۆزنن خەریکبوو خۆم لەبەرچاو کەوێت بە قسەی ئەوانە. جا بەس نییە کۆمەڵێک خەڵکی وەک ئێوە زیرەک و بەتوانام هەیەو بەردەوام راپۆرتم لۆ دەنووسن.

### ئەواکس دەڵێ خاڵۆ

**بەریرسێک** داخی ئەوەی هەڵکێشابوو کە لەبەر قسەی خەڵک و لەبەر زمانی رۆژنامەکان ناتوانێ هێڵی گواستنەوەی نێوان هەولێر - خەبات بەتەنیا لەسەر ناوی خۆی تۆمار بکات !! دەڵێن ئەو بەریرسە دەیان کۆستەر و پاسی جۆراوجۆری هەیە ، لە هێڵی گواستنەوەی نێوان هەولێر و شارۆچکەکان مۆڵەتی بۆ وەرگرتوون .

**شەری** دەستەڵات و سامان کۆکردنەوە کۆتایی نەهاتووە، ئێستا بۆ رەشکردنی یەکتر لەبەر چاوی جەماوەر، دەیان ناوی خەیاڵاوی لە چەندین ماڵپەری نەناسراوی بێ جێگەدا قورمیش دەکرێن، بۆ رۆشنایی و سپیکردنەوەی رووی لایەنێک و ناشرینکردنی رووی لایەنێکی دیکە بە بلۆک پارە هەڵدەرێژرێ!!

**گوتمان** بەریرسەکانی کوردستان لە تیرۆریستان دەترسن بۆیە پاسەوان و حیمایەیان زۆرە!! بەڵام لەو رۆژانەدا باسی برای بەریرسێکیان بۆ کردووم کە لە ئەورویا دەژی، کەچی پاسەوانی تایبەتی بۆ دانراوە، ئەوانیش لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم مووچە وەردەگرن !! ئەو برادەرە کاتێ لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا شایی دەکرد و هەڵدەپەری، چوار پاسەوان لە پشتیەوە راوەستابوون و پارێزگارییان لێدەکرد!!

**بەریرسێک** گوتبووی : چۆن بەریرسیارێتی شەری ناوەخۆمان لە کۆڵ خۆمان کردەوە، دەبێ ئاواش خۆمان لە ماددەی ١٤٠ بدزینەوە، ئاخر ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بمانگوتایە ئەمریکا رازی نیە کەرکوک بگەرێتەوە سەر کوردستان، خەڵکەکە پێیان دەگوتین ئەدی لە پای چی هاوکاری ئەمریکا دەکەن! ئەگەر ئێستاش پێیاندەڵێین ئەوە خراپتر لە پاشتر، چونکە سەرۆک بووش و باڵیۆز زالمای لێمان توورە دەبن !!

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497
ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١
پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org
پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com